شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی مەترسیداری راگەیاند

ئ□م□□ شەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی ، دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی مەترسیدار لە ڕێگەی هەوڵی هەواڵگرییەکان و فڕۆکەیەکی ئاسمانی و پاڵپشتی تەکنیکی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند.

شانەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە : کاتژمێر 2:00ی بەیانی ڕۆژی 13ی ئاب، بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواڵگرییە وردەکانی دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، فڕۆکەیەکی سەرکەوتوو، پاڵپشتی تەکنیکی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، تیرۆریست (سەلمان خز□ی□ سلێمان داود) لەسەر سنووری نێوان کەرکوك و سەڵاحەدین دەستگیرکرا و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکان بە تایبەتی لە ناوچەی سەرهید م□ت□□ خاوەنی ژمارەیەك چەك و ئامێری پەیوەندیکردن و کەرەستەی دیکە بوو.

شانەکە ڕوونیشیکردووەتەوە : تۆمەتبارەکە ئامانجێکی تیرۆریستی باڵایە و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە داواکراوە، پێشتر لەگەڵ چەتەکانی قاعیدە و دواتر لەگەڵ چەتەکانی تیرۆریستی داعش کاریان کردووە.

شانەکە ئاماژەی بەوە کردووە : کە لە ئێستادا دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەپێی ڕێکارە دامەزراوەکان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات، وەك ئامادەکارییەك بۆ ڕەوانەکردنی بۆ دادگا

پەیوەندیدارەکان، شانەکە پشتڕاستی کردەوە کە هێزە ئەمنییەکان سەرکەوتنی یەك لە دوای یەك لە کوشتن و گرتنی سەرکردە تیرۆریستییەکان و ئەندامانی داعش بەدەست دەهێنن، کە ئێستا لە دەستی هێزە ئەمنییەکانماندان.